
ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم دەستگیرکردنی ئەمیرێکی چەکدارانی داعش بادگەیەنێت



ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان راگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا هاتووە، "بە پشتبەستن بە زانیارییە هەواگرییەکان و کێکردنەوەی زانیاریی ورد و دروست، دامەزراوەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئێپراسیۆنێکی تایبەتدا لە ٦ـی ئەیلوولی 2023، ئەمیرێکی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بە ناوی (زەدان خەلیفە ئەحمەد مەتەر) ناسراو بە ابو لیلی دەستگیر دەکەن کە ئەمیری کەرتی (سەعد بن ئەبي وقاس) بووە لە ویلایەتی دیجلە و ئەرکی لە چیای قەرەچووغ بووە"، هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "تیرۆریستیی دەستگیرکراو لە ساڵی 2014 پەیوەندیی کردووە بە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش و چەکدار بووە لە ناوچەی شرگات، دواتر کراوەتە بەرپرسی مەفرەزەی هاوەن و بەشداریی لە شەڕەکانی ئەو ڕێکخراوە دژی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردووە لە میحوەرەکانی مەخموور و قەراج، لە دوای ئازادکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەاتی داعش لە ساڵی 2017 ئەم ڕێکخراوە هەساوە بە دروستکردنی چەندین مەفرەزە کە ناوبراو بەرپرسی یەکێک لەو مەفرەزانە بووە لە ناوچەکانی چیای قەرەچووغ، ئەبووشیتە و کوشاف بە مەبەستی تیرۆرکردن و ڕفاندنی هاووڵاتیانی سڤیل و ئازادکردنیان لە بەرانبەر پارەدا".